کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 5-6-2007 17:40

## ئەوان کێ بوون و ئێمە کێین؟ ... مودریک عەلی عارف

(پێشکەشە بە سەرجەم خوێنگەش و هەمیشە زیندووەکانی کاروانی بەرەوخوا چوون، کە بە دڵی سپی و ڕۆحی بەریئەوە گەڕانەوە دیوانی حەزرەتی باری)

کە ئاوڕێك لە ڕابردوو دەدەینەوە، ڕابردووی پڕ لە جوانی و خەندە و چاکی و بەرائەت، ڕابردووی نزیك، ڕابردووی چەند ساڵ و مانگ و ڕۆژ و چەند کاتژمێرێك بەر لە ئێستا، ئێستای پڕ لە خەم، پڕ لە ئاە و حوزن و حەسرەت، کە نیگایەك دەبڕینە لاپەڕەکانی دەفتەری یادەوەرییەکانی ژیانی دوێنێ و تابلۆ و دیمەن و وێنە ڕەنگاڵەییەکان، دونیایەك جوانی و ڕازاوەیی دەبینین، کە گوی هەڵدەخەین بۆ دەنگ و پەیڤە دڵگیر و دڵڕفێنەکانی دوێنێمان پڕی گوێمان گوێبیستی چپە و چرپە و سرتە و ورتە ناسك و شیرین و دڵگیرەکانی ئەوانی دی ئازیزان و خۆشەویستیانمان دەبین، پڕی دونیایەك نەزاهەت و بەرائەت هەست پێ دەکەین و، دێنەوە یاد و پێش چاومان.
دوێنێی نزیك و دوورمان پڕە لە ئازیز و خۆشەویستە خوێنگەش و هەمیشە زیندووەکانی کاروان و قافڵەی پەیامدارانی پەیامی حەقیقەت و ڕاستی و شەونخونی و کۆڵ نەدان و لێبڕان و قاڵبوانی مەیدانی زانست و عیلم و ئەدەب و مەعریفە و عیرفان.
بەڵام ئەمڕۆ کە تەماشا دەکەین یەك یەك ئەو شۆڕەسوار و خوێن گەشانە بەجێمان دەهێڵن و ماڵئاواییمان لێ دەکەن، پاش کۆچی هەر یەکێکیان ناچار ئێمەش لەگەڵ مامۆستا (ئەحمەدی موفتی زادە)ی خوێنگەش و هەمیشە زیندوودا دەڵێین:
قافڵەی خەمان کردەوە مەنزڵ دیسان کەلاوەی کاروانسەرای دڵ
هەمیسان هۆزی حەسرەت ئاماوە نە هەوارگەی دڵ دەوار هۆرداوە
دوێنێ کە ئازیز و خۆشەویست و (خوێنگەش و هەمیشە زیندووەکان) ئێمەیان پەروەردەکرد و فێری ژیان و جوان ژیانیان کردین بۆ ئەوەی جوانیش بمرین، ئەو دەم و ساتەوەختە ئەوان گەورەیی و چاکی و پاکییان لێ دەچۆڕا، ئەوان کە بە بەسیرەتی دڵەوە نیگایان دەبڕیە ڕووخسارمان، نور و سۆز و میهر لە چاوانی تەڕی هەور ئاسایان دەتکا، ئەوان کە دەکەوتنە ئاخافتن و دەهاتنەگۆ، پەیڤی جوان و شیرین وەك دەنکە مرورای و یاقوت و گەزۆ لە لێویان دەباری، ئەوان کە دەستی تەوقەی بارەیتیان دەخستە نێو دستمان، گەرمی عیشق و خۆشەویستی و مەحەببەتیان دلاین تاو دەدایں، ئەوان لە هەرژوان و بەیەك گەشتن و چرکەساتی فیراقێکدا هەندێ دوعا و مشتی تکا و پڕی دوو دەست نزایان بۆ دەکردین، کە ڕۆحمان لە خۆشیدا باڵی دەردەکرد و بەرزبەرز دەفڕی بۆ ئاسمان و بۆ مەمەلکەتی فریشتە پاکەکان.
بەڵێ ئەوان هەریەکەیان نەك تەنها (تاکە کەسێك) بوون، بەڵکو هەریەکەیان (کەسێتی) یەك بوون چما ئیبراهیم پێغەمبەر – سەلامی خوای لەسەر بێت – (ان ابراهیم کان امه قانتا) .
ئەوان مایەی سوکنایی و سەعادەت و کامەرانی ئێمە بوون، ئەوان پەیامداربوون و لە پێناوی خزمەتکردن بە پەیامەکەیاندا وزە و توانا و ماڵ و ژیان و گیانیان بەخشی.
ئەوان بە ژیان و بەخشینی گیانیان عومر و تەمەنی کەم و ناسکی ئێمەیان ئاودێرکرد و، تینویەتی و تەژنەییان شکاندین و بە مۆژیاری و ئاکاری جوان و چاکیان برسیەتی ئاوراییان نەهێشتین و ڕۆح و دڵیان تێر کردین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەوان (فێربوون و پەروەردەبوون) و (فێرکردن و پەروەردەکردن) خەم و هەممی گەورەی ژیانیان بوو، ئەوان گەورەیی خۆیان لە بچوکی نواندندا دەبینیەوە.
ئەدی ئێمە بە تەمای چ شتێکین و بەرەو کام ئاسۆ بەڕێ کەوتووین؟ ئایا بیرمان لە درێژەدان بە ژیانی ئازیزان و فێرکار و پەروەرشیارە خوێنگەش و هەمیشە زیندووەکانمان کردوەتەوە؟ ئایا هەوڵماندواوە گوڵێك بین و لەسەر بنجی خۆمان بڕوێینەوە؟.
مرۆڤی گەورە و مەزن و خاوەن کەسێتی، بە بیرکردنەوەی چاك و هەڵسوکەوتی پاك و جوان و گوفتاری شیرین و راست و بەرنامەڕێژی و کۆڵنەدان و ئارامگری و ورەبەرزی و نەفەس درێژی، ژیانی دەڕازێنێتەوە و لە هەوڵی ئاسودەکردنی خۆیی و کەسەکانیدا دەبێت.
چەند گرنگ و پێویستە کە هەریەك لە ئێمەش وەك خوێنگەش و هەمیشە زیندووەکان بەو شێوەیە بیر بکەینەوە و بژین و تابلۆی ژیان قەشەنگتر و رازاوەتر بکەین و بڕوامان وابێت کە:
گەورەییمان لە بچوکیماندایە
گەورەیی کردن شایانی خوایە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.